شممری:لەڕاوەداهاتودا بڕیاری پلیسی فیدڕالی بەرپرسیارێتی ئەمنی ناوندی پارێزگای کەرکوک و قەزای حەویجە لەئەستۆ دەگرێت

عەبدولئەمیر شممری، وەزیری ناوخۆی عێراق ئەمڕۆ سەردانی شاری کەرکوکی کرد و ڕایگەیاند، لەداهاتودا بڕیاری پلیسی فیدڕالی بەرپرسیارێتی ئەمنی ناوندی پارێزگای کەرکوک و قەزای حەویجە لەئەستۆ دەگرێت، ئەوەش لەکاتکدایە لەساڵی 2017وە شارەکە لەدەسەڵاتی سوپادایە.

عەبدولئەمیر شممری، وەزیری ناوخۆی عێراق لەمیانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەشاری کەرکوك، ڕایگەیاند، "لەڕاوەداهاتو بڕیاریتیی پلیسی فیدڕالی و وەزارەتی ناوخۆی بەرپرسیارێتی ناو شاری کەرکوک و قەزای حەویجە دگرنەدەست و ئەمە بەردەوام دەبین لەفەرماندەیی پلیس و بەڕێوەبەرایەتی پلیس لەکەرکوك".

ئاماژەی بەوەشکرد، لەگەڵ پارێزگاری کەرکوک ڕێککەوتن لەسەر تەواوکردنی پڕۆژەکانی تایبەت بەدانانی کامێراکانی چاودێری لەناوندی کەرکوک.

وەزیری ناوخۆی عێراق وتیشی، "لەداهاتودا گرنگیی زیاتر بە بازگەکانی پارێزگای کەرکوک و پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەدەین و ئامێری زیاتری سەنگەریان بۆ دابینەکرێت".